# ئاگادار کردنەوەی باوەڕداران لە کردەوەی نەفرەت لێکراوان

بەشی یەکەم

**وەرگێڕانی: دایکی ئـــالاء**

﷽

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

**مانای نەفرەت:**

نـــەفرەت لـــە زمانـــەوانیدا: دەرکـــردن ودورخســـــتنەوەیە لەســـــەر شـــــێوازی توڕەبوون.

وەلە شەرعدا دورخستنەوەو دەرچونە لـە بەزەیی خوای گەورە.

راغب دەفەرمێت: سـزای خـوای هەیـە لـە رۆژی قیامەت ولە دونیایشدا دادەبڕێت لـە وەرگرتنی بەزەیی و سەرکەوتن.

(إبن أثير) دەفەرمێت: نەفرەت لە بنچینەدا دەرچون ودورکەوتنەوەیە لە خودا، وە لە خەڵکیشەوە جوێن ودوعا کردنە.

**گرنگی ئەم بابەتە:**

لەم رونکردنەوە زاراوەیییەدا گرنگی ئـەم بابەتــە و ترســناکی ئــەو کردارانــەی کــە نەفرەت پێویسـت دەکـەن دەردەکـەوێت، نــەفرەت لێکــراو دووره لــە خــودا و لــە چـاکەو خێـر و بـەزەیی خـوا، ونزیکـە لـە توڕە بوون و سزای خوا.

**وریا بن ئەی نەفرەت کەران:**

نەفرەت زۆر بووە لەسەر زمانی زۆرێك لـە خــەڵکی، بــە ئــارەزوی خۆیــان نــەفرەت دەکەن لـە کەسـێك کـە بیانـەوێت بـە بـێ هۆکار وپێویست کردنی نەفرەت لەسەری.

وە پێغەمبەر(ﷺ) ئاگاداری کردوینەتـەوە لـــە نـــەفرەت کـــردن و ناشـــیرینی ودەفەرمێت: (لعن المؤمن كقتله)[1].

واتــە: نـەفرەت کـردن لـە باوەڕدارێـك وەکو کوشتنی وایە.

وەدەفەرمێت: (إن من أكبر الكبـائر أن يلعن الرجل والديه، قيل: يارسول الله وكيف يلعن الرجل والديه؟ قال: يسب أبا الرجـل فيسب أباه، ويسب أمه فيسب أمه)[2].

واتە: گەورەترین تاوان ئەوەیە کە پیاو نـەفرەت لـە دایـك وبـاوکی خـۆی بکـات، پێیان فەرموو: ئەی پێغەمبـەر(ﷺ) چـۆن پیـاو نـەفرەت لـە دایـك وبـاوکی دەکـات؟ فەرمووی: جوێن بە باوکی کەسێك دەدات ئەویش جوێن بە باوکی دەدات، وە جـوێن

---

١- (صحيح الجامع الصغير: ٧١٠).

٢- (صحيح الترغيب والترهيب: ٢٥١٤/٢).

بە دایکی دەدات ئەویش جوێن بە دایکی ئەو دەدات.

وە دەفەرمێت: (لا ينبغي لصديق أن يكون لعانا)[٣].

واتە: نابێت ڕاستگۆ نەفرەت کەر بێت.

وە دەفەرمێت: (لا يكونون اللعانون شفعاء ولاشهداء يوم القيامة)[٤].

واتە: نەفرەت کەران لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ شەفاعەت وشایەتی‌یەکیان لێ وەرناگیرێت.

وە لە جرموز الجهني یەوە(ﷺ) فەرمووی: ووتم : ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ئامۆژگاریم بکە؟ فەرمووی:

(أوصيك ألا تكون لعانا)[٥].

واتە: ئامۆژگاریت دەکەم کە نەفرەت کەر نەبێت.

وەدەفەرمێت: (إن العبد إذا لعن شيئا صعدت اللعنة الى السماء فتغلق أبواب السماء دونها، ثم تهبط الى الارض فتغلق أبوابها دونها، ثم تأخذ يمينا وشمالا فإذا لم تجد مساغا رجعت الى الذي لُعِن فإن كان أهلا لذلك وإلا رجعت الى قائلها)[٦].

واتە: هەر کاتێك ئادەمیزاد نەفرەت بکات لە شتێك ئەوا ئەو نەفرەتە بەرز دەبێتەوە بەرەو ئاسمان وهەموو دەرگاکانی ئاسمانی لێ دادەخرێت، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی وهەموو دەرگاکانی زەویشی لی دادەخرێت، پاشان بەلای ڕاست وچەپدا دێت ودەڕوات، ئەگەر شوێن وڕێگەیەکی نەبوو تێیدا جێگیر بێت ئەو کاتە دەگەڕێتەوە بۆ نەفرەت لێکراوەکە ئەگەر شایانی نەفرەتەکە بێت، خۆ ئەگەر شیاوی نەبوو ئەوا لە ئەنجامدا دەگەڕێتەوە بۆ نەفرەت کەرەکە.

وە بزانە کە پێغەمبەر (ﷺ) تەنانەت قەدەغەی نەفرەت کردنی کردووە لە ئاژەڵیش، عیمرانی کوڕی حوصەین(ﷺ)دەفەرمێت: جارێکیان پێغەمبەر(ﷺ) لەسەفەرێکدا بوو ئافرەتێکی ئەنصاری کە بێ تاقەت وناڕەحەت ببوو بەسەر وشترەکەیەوە نەفرەتی لە وشترەکەی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) گوێی لێ بوودەست بەجێ فەرمووی:

(خذوا ماعليها ودعوها فإنها ملعونة)[٧].

٣- (صحيح الجامع الصغير: ٧٧٩٥).
٤- (صحيح الجامع الصغير: ٧٧٧٣).
٥-(صحيح الجامع الصغير: ٢٥٤٢).
٦-(صحيح الجامع الصغير: ١٦٧٢).
٧- (صحيح الترغيب والترهيب: ٢٧٩٤/٣).

واتـە: هەرچـی لەسـەرە لـە کەلوپـەل وکەرەستە دای بگرن وبەرەڵای بکـەن بـا بڕوات چونکە نەفرەتی لێ کراوە.

**هەنـدێک لـە حوکمـەکانی نـەفرەت کـردن:**

هەندێك حوکم هەیە تایبەتە بە نەفرەت کردن لێرەدا کورتیان دەکەینەوە:

یەکـەم: هـیچ خـیلاف وجیـاوازیـیـەك نیـیە لەنێوان زانایانـدا لەسـەر دروسـتێتی نەفرەت کردن لـە کـافران بـە شـێوەیەکی گشتی، بـەڵام جیاوازییـان هەیـە لەسـەر کافرێکی دەسـت نیشـان کـراو، (إبن کثیر) لە تەفسـیرەکەیدا دەفـەرمێت: (جیـاوازی لەنێوان زانایاندا نیـیە لەسـەر دروسـتێتی نەفرەت کردن لە کافران، ئیمامی عومەری کـوڕی خـەتتاب(رضي الله عنه) وپێشـەوایانی دوای ئەویش نـەفرەتیان لـە کـافران دەکـرد لـە قنوت وجگـە لـە قنوتـدا، بـەڵام کـافرێکی ناوبراو(دەست نیشان کراو)، کۆمـەڵێك لـە زانایـان دەڵـێن: نـەفرەتیان لێ ناکرێـت، چـونکە نـازانین کۆتـایی ژیانیـان بـە چـی دێت، بەڵگەیشیان ئەم ئایەتەیە:

﴿إِن الذِين كفَروا وماتوا وهـم كُفـار أُولَئك علَيهم لَعنةُ اللهِ والْملَائِكَـةِ والنـاسِ أَجمعِين خالِدِين فِيها لَا يخفـف عـنهم الْعذَاب ولَا هم ينظَرونَ﴾ [البقرة: ١٦١-١٦٢].

واتە: ئەوانەی کە بێباوەڕبوون وبەبێ بـاوەڕی مـردوون ئەوانـە نـەفرەتی خـوای گـەورەو فریشـتەکان و هـەموو خـەڵکیان لەسـەرە، وە لـەناو ئـاگری دۆزەخـدا بـە هەمیشـەیی دەمێننـەوە، وەبـەهیچ شـێوەیەك سـزایان لەسـەر سـوك ناکرێـت ومۆڵەت نادرێن بڕوبیانوو بهێننەوە.

وەکۆمـەڵێکی تـر لـە زانایـان دەڵـێن: بەڵکو نەفرەت کردن دروستە لە کـافرێکی ناوبراو، وە (أبو بكر بن العربي المالكي) ئەم بۆچـونەی هەڵبـژاردووە، بـەڵام فەرموودەیـەکی کـردووە بەبەڵگـە کـە لاوازە، وە جگە لەم ئـەو فەرموودەیـەیان کـردووە بەبەڵگـە کـە پیـاوە سەرخۆشـەکەیان دەهێنـاو سـنوریان بەسەردا جێبەجێ دەکرد، پیاوێك ووتـی: نـەفرەتی خـوای لێ بێـت چـەند زۆر دەهێنرێت، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:

(لا تلعنه فإنه يحب الله ورسوله)[8].

واتە: نەفرەتی لێ مەکە چونکە خـواو پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) خۆش دەوێت، کە ئەمە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە هەرکەسـێك خـواو پێغەمبـەری(صلى الله عليه وسلم) خـۆش نـەوێت نەفرەتی لێ دەکرێت).

دووەم: خـیلاف وجیـاوازی نـیـە لـە نێـوان زانایانـدا کـە نـەفرەت کـردن لـە

---

٨- (مشكاة المصابيح: ٢/٣٦٢٥).

موسڵمان حەرامە ویەك دەنگن لەسەر ئەم شتە، وە بەڵگـەیش زۆرە لەسـەر حـەرام بوونی کە پێشتر باسکراوە.

سێیـەم: دروسـت نـیـە موسـڵمانێکی دەست نیشان کـراوی تاوانبـار بەنـەفرەت بکرێـت، (إبن العربي) باسـی ئـەوە دەکـات کە نابێـت موسـڵمانی تاوانبـار بەنـەفرەت بکرێـــت بەرێککـــەوتنی زانایـــان، وە بەڵگەیشـــیان ئـــەو فەرموودەیەیـــە کـــە پێغەمبەر(ﷺ) قەدەغەی کرد کە نەفرەت لـەو پیـاوە بکرێـت کەبەسـەر خۆشـی هێنایان بۆ جێبەجێ کردنی سنوری خـوا بەسـەریدا، وە هۆیەکەیشـی گەڕانـدەوە بۆئەوەی کە خواو پێغەمبەری(ﷺ) خۆش دەوێت.

شيخ الإسـلام(إبـن تيميـة)دەفـەرمێت: (قەدەغـەی نـەفرەت کردنـی کەسـێکی دیـاری کـراوی کـردووە چـونکە نـەفرەت کردن لە بابەتی هەڕەشەکردنە، وحـوکمی گشتی دەدرێت بەسەردا، بـەڵام کەسێکی دەسـت نیشـان کـراو ئـەم هەڕەشـەیەی لەسـەر لا دەچـێت لەبـەر تۆبـە کردنێکی ڕاست، یان چـاکەیەکی تـاوان لابـەر، یـان بەڵایـەکی پـاك کـەرەوە، یـان تکایـەکی وەرگـیراو، یـان هـەر هۆکارێـك کەسـزای تـاوانی لەسـەر لابـدات ئەمـە لـە حـەقی کەسێکی تاوانباری جەخت لەسەر کراو.

چوارەم: دروستە نەفرەت کردن لە گـرۆی تاوانباران وسەرپێچی کەران بەشێوەیەکی گشـتی، ئەمـەیش خیلافـی تێـدا نـیـە، چونکە خوای گەورە نەفرەتی کردووە لـە سـتەمکاران وخراپـەکاران ودرۆزنـان، وە پێغەمبـەر (ﷺ) نـەفرەتی لـە کۆمـەڵێکی زۆر لەتاوان باران کـردووە، وە سـوخۆران وئەو ئافرەتانەی کە خۆیان دەچـوێنن بـە پیاوان وبەپێچەوانەوە، وەبـەرتیل خـۆران و هاندەرانی زۆرێکی تر لەتاوان.

(إبن العربي) فەرموویـەتی: نـەفرەت کـردن لـــە تاوانبـــار بـــەڕەهایی دروســـتە بەیەکدەنگی زانایان، چونکە لە پێغەمبـەر (ﷺ) گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی:(لعن الله السارق يسرق البيضة فتقطع يده)[٩].

واتە: خوای گـەورە نـەفرەتی کـردووە لـە دزێـك کـە هێلکەیـەك دەدزێـت ودەسـتی لەسەری دەبڕدرێت.

**خورەوشـتـی پێغەمبـەر (ﷺ)وهـاوەڵانی (رضي الله عنهم):**

هەرچـەندە کۆمـەڵێك هـەن کـە نـەفرەت لێکردنیـــان دروســـتە وەکـــو کـــافران وخراپـەکاران بەشـێوەیەکی گشـتی بـەبێ دیـاری کردنـی کەسـێکی دەسـت نیشـان کـــراو لێیـــان، بـــەڵام پێویســـتە لەســـەر موسڵمان زمانی ڕانەهێنێت لەسـەر جـوێن

٩- (صحيح الجامع الصغير: ٥٠٩٧).

ونــەفرەت كــردن، وەدروســتێتی نــەفرەت كــردن لەمانــە نەكاتــە هۆكارێــك بــۆ زمــان بــەرەڵاكردنی بــە جــوێن ونــەفرەت كــردن بــەبێ ســـود، لـــە أبـــی هریـــرەوە(ﷺ) فەرموويـــەتی: بـــە پێغەمبـــەريان (ﷺ) فەرموو: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوعـا بكــە لــە هاوبــەش بڕيــاردەران، ئــەويش فەرمووی:

(إني لم أبعث لعانا، وإنما بعثت رحمة)[١٠].

واتە: مـن نـەنێردراوم بـۆ نـەفرەت بـەڵكو نێردراوم بە رەحمەت.

وە إبن عومەر(ﷺ) گوێی لـە پێغەمبـەر (ﷺ) بــووە كەســەری لــە ركــوع بــەرز كردۆتەوە لـەپاش وتنـی (سمع الله لمن حمده ربنا ولك الحمد) لە ركاتی دووەمی نوێـژی بەيانی دەيفەرموو:

(اللهم العن فلانا وفلانا)[١١].

واتە: خوايە نەفرەت لە فلانە كەس وفلانە كـەس بكـە، خـوای گـەورە ئـەم ئايەتـەی دابەزاندە خوارەوە:

﴿ليس لك من الأمر شيء أو يتوب عليهم أو يعذبهم فإنهم ظالمون﴾ [آل عمران: ١٢٨].

واتـە: هـيچ شـتێك بەدەسـتی تـۆ نـیيـە، وئيش وكاری ئەوان لای خـوای گەورەيـەو چی ويست لێ بێت بەسـەرياندا دێنێـت لـە تێك شكاندن و لەناو بردن، ياخود لێخۆش بوونيان ئەگەر موسڵمان بن، يـاخود سـزا دانيان.

**بەبەزەيی بن لەگەڵ براكانتاندا:**

لــە إبــن مســعودەوە(ﷺ) فەرموويــەتی: ئەگەر براكەتان بينی تـاوانێكی كـرد ئـەوا مــەبن بەياريــدەدەری شــەيتان لەســەری ومــەڵێن نــەفرەتی خــوات لێ بێــت، وخــوا سەرشۆڕت بكات، بـەڵكو داوای پاراسـتنی بــۆ بكــەن، چــونكە ئێمــەی هــاوەڵانی پێغەمبــەر (ﷺ) بــەهيچ كەســێك شــتێك نـاڵێين تـا نـەزانين لەسـەر چـی مـردووە، ئەگەر كۆتايی ژيانی بـە كـردەوەی چاكە هات ئەوا زانيومانە كە توشی چاكەو خێـر بووە، وەئەگەر كۆتـايی ژيـانی بـە خراپـە وتــاوان هــات ئــەوا لــە كردەوەكــانی دەترساين.

وە أبـو درداء(ﷺ) بــە لای پياوێكــدا تێپــەڕی توشــی تاوانێــك ببــوو خــەڵكی جوێنيـان پـێ دەدا، أبو درداء(ﷺ) پـێی فەرموون: ئايا ئەگەر لەناو بيرێكدا بيبينن دەری ناهێنن؟ ووتيان: بـەڵێ، فـەرمووی: جوێن مەدەن بە براكەتان وسوپاسی ئـەو خودايــە بكــەن كــە ئێــوەی لــەو تاوانــە پاراستووە، ووتيان ئەی باشە رقمـان لێی نــەبێت؟ فــەرمووی: تــەنها رقمــان لــە

---

١٠- (مشكاة المصابيح: ٥٨١٢/٣).

١١- (صحيح سنن النسائي: ١٠٧٨).

کردەوەکەیەتی ئەگەر وازی لێ هێنا ئەوا برامانە.

بۆ ئەوەی نەبین بە یەکێك لەوانەی کە نەفرەتیان لێ کراوە دەبێت زانیاریمان هەبێت بەو ئایەت وفەرموودانەی کە خواو پێغەمبەر (ﷺ) باسی کردون وناوی نەفرەت لێکراوانی تێدا هاتووە، لەوانەی کە نەفرەتیان لێ کراوە:

**یەکەم: ئیبلیس:**

خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿إِنْ يدعونَ مِن دونِهِ إِلا إِناثًا وإِنْ يدعونَ إِلا شيطانا مرِيدا لَعنه الله﴾ [النساء: ١١٧-١١٨].

واتە: هاوبەش بڕیاردەران هیچ شتێك ناپەرستن جگە لە مێینە نەبێت( ئەو بتانەی کە دەیپەرستن ناوەکانیان مێیە وەك: اللات والعزى والمناة، یاخود فریشتە دەپەرستن و بەگومانی خۆیان دەڵێن: کچی خوان!–پەنا بە خوای گەورە–) وە جگە لە شەیتانی دورخراو لە بەزەیی خوای گەورە، نەفرەتی خوای لێ بێت.

هەروەها دەفەرمێت:

﴿قالَ يا إِبلِيس ما منعك أَنْ تسجد لِما خلَقْت بِيدي أَستكْبرت أَم كُنت مِن الْعالِين قَالَ أَنا خير مِنه خلَقْتنِي مِن نارٍ وخلَقْته مِن طِينٍ قَالَ فَاخرج مِنها فَإِنك رجِيم وإِن علَيك لَعنتِي إِلَى يومِ الدينِ﴾ [ص: ٧٥-٧٨].

واتە: ئەی ئیبلیس چی قەدەغەی کردویت کە کڕنوش بۆ ئادەم بەریت لە کاتێکدا کە من بە هەردوو دەستی خۆم دروستم کردووە؟ ئایا ئێستا خۆت بەگەورە زانی یاخود بەردەوام لە خۆبەگەورە زانانی؟ نەفرەت لێکراو لە وەڵامدا ووتی: من باشترم لە ئادەم چونکە منت لە ئاگر دروست کردووە وئەوت لە قوڕ دروست کردووە، خوای گەورەیش لە ئەنجامی ئەم سەرکەشی کردنەی پێی فەرموو: دەرچۆ لەبەهەشت تۆ دەرکراوی لە هەموو خێرێك، وە لەبەزەیی من تارۆژی قیامەت.

ئیبلیس یەکەم نەفرەت لێکراوە وە سەختترین دوژمنی باوەڕدارانە لە رق و کینەو حەسودی وفێڵ و خراپیدا،پێویستە لەسەر موسڵمان خۆی بپارێزێت لە کردەوەکانی ئیبلیس کە ئەمانەن:

١– رەت کردنەوەی فەرمانی خوای گەورەو خۆ بە زل زانین.

٢– درۆ وکەللە رەقی.

٣– رق وحەسودی.

٤– فەرمان کردن بە خراپەکاری وبەدڕەوشتی.

٥– قسە هەڵبەستن بۆ خوای گەورە بە بێ زانیاری.

٦- به چاك زانینـی ناحـه‌قی ورازانـه‌وه‌ی له‌سه‌ر شێوازی حه‌قدا.

٧- بانگـه‌واز كـردن بـۆ كـوفر و گـومڕایی وبـێ بـاوه‌ڕی بـه نـاوه جوانـه‌كانی خـوای گه‌وره.

٨- به‌ربه‌ســـت كـــردن و ته‌مـــه‌ڵی لـــه كرده‌وه‌ی چاك.

٩- فـه‌رمان كـردن بـه ره‌زیلـی و پـه‌یمان دان به هه‌ژاری.

١٠- ناكۆكی خستنه ناو خه‌ڵكی.

*جا موسـڵمانی بـه‌ڕێز خـۆت بپـارێزه لـه فێڵ وكرده‌وه‌ی شه‌یتان چـونكه لـه‌ناوتان ده‌بـات وده‌رتـان ده‌كـات لـه ره‌حمـه‌تی خوا، وه په‌نا بگـرن بـه خـوای گـه‌وره لـه دژایـه‌تی كردنیانـدا، وبـه‌رده‌وام بـه ئاگـاو وریـا بـن لێیـان، چـونكه پێغه‌مبـه‌ر (ﷺ) ده‌فـه‌رمێت: (إن الشيطان يجري من ابن آدم مجرى الدم)[١٢].

واته: شه‌یتان ده‌ڕوات به‌ناو لوله‌ی خوێنی مرۆڤدا.

**دووه‌م: جوله‌كه‌و گاور:**

خوای گه‌وره ده‌فه‌رمێت: ﴿لُعِـنَ الَّـذِينَ كَفَرُوا مِن بَنِي إِسرَائِيلَ عَلَى لِسَـانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابنِ مَريَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوا وَكَـانُوا يَعتَدُونَ كَانُوا لَا يَتَنَاهَونَ عَن مُنكَرٍ فَعَلُـوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ﴾ [المائدة: ٧٨-٧٩].

واته: كافرانی به‌نی ئیسـرائیل نـه‌فره‌تیان لێ كرا له‌سـه‌ر زمـانی داود وعیسـی(عليهما الصلاة والسلام) له زه‌بور وئینجیل به‌هۆی سه‌رپێچـی كردنیـان بـۆ فـه‌رمانی خـواو ده‌ست درێـژی كردنیـان بـۆ سـنوره‌كانی خوای گه‌وره وبه‌رهه‌ڵستی نه‌كردنیان لـه‌و خراپانه‌ی كـه ده‌یـان كـرد، كـه ئه‌مـه‌یش خراپ ترین كارێك بوو كه ده‌یان كرد.

وه‌ده‌فه‌رمێت:

﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا بِمَا قَالُوا بَلْ يَدَاهُ مَبسُـوطَتَانِ يُنفِـقُ كَيفَ يَشَاءُ﴾ [المائدة: ٦٤].

واته: جوله‌كه ده‌یـان ووت: ده‌سـتی خـوا به‌ستراوه(مه‌به‌ستیان ئه‌وه بوو كه خـوای گه‌وره ره‌زیله)، خوای گه‌وره‌یش دوعایان لێ ده‌كـات وده‌فـــه‌رمێت: ده‌ك ده‌ســـتی خۆیـان به‌سـتراوه بێـت لـه دونیـادا(دیـل بكـرێن وده‌سـتیان كـۆت وزنجـیر بكرێـت) یاخود لـه قیامه‌تـدا سـزا بـدرێن بـه كـۆت وزنجـــیر كـــراوی، وه خـــوای گـــه‌وره نـــه‌فره‌تیان لێ ده‌كـــات بـــه‌هۆی ئـــه‌و قسـانه‌یانه‌وه، بـه‌ڵكو هـه‌ردوو ده‌سـتی خوای گـه‌وره كراوه‌یـه‌و چـۆنی ویسـت لێ بێت ده‌به‌خشێت.

وه‌ده‌فـه‌رمێت: ﴿فَبِمَا نَقْضِـهِم مِيثَـاقَهُم لَعَنَاهُم وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُم قَاسِيَةً يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَوَاضِعِهِ﴾[ المائدة: ١٣].

---

١٢- (صحيح سنن أبي داود: ٢٤٧٠).

واتــە: بــەهۆی پــەیمان شــکاندنیانەوە نەفرەتمان لە جولەکە کرد ودڵیانمان ڕەق کرد، کە ئەوان دەست کاری تەوراتیان دەکرد ودەیان گۆڕی بەگوێرەی ئارەزوو بەرژەوەندییەکانیان.

وەپێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێت:

(لعن الله اليهود والنصارى، إتخـذوا قبـور أنبيائهم مساجد)[١٣].

واتــە: نــەفرەتی خــوا لەســەر جولەکــەو گاورەکـــان بێـــت، کـــە گـــۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکرد بە مزگەوت.

وەدەفەرمێت: (إن الله لعن أوغضب علـى سبط من بني إسرائيل فمسخهم دواب يدبون في الأرض)[١٤].

واتە: خوای گەورە نـەفرەتی کـرد یـاخود توڕە بوو لە تیرەیەك لـە بـەنی ئیسـرائیل وشێوەیانی گۆڕی وکردیـانی بـە ئاژەڵێـك کە لەسەر زەوی دەڕۆن.

* جا موسڵمانی بەڕێز خۆت بپـارێزە لـەو کردەوانــەی کــە بۆتــە هــۆی نــەفرەت لێکردنیان، لەوانە:

١- درۆ هەڵبەستن بۆخوای گەورە.

٢- منداڵ دانە پاڵ خوای گەورە.

٣-حـەڵاڵ کردنـی ئـەوەی خـوای گـەورە حەرامی کردووە وبەپێچەوانەوە.

٤- چـواندنی خـوای گـەورە بـە دروسـت کراوەکانی.

٥- وەســف کردنــی خــوای گــەورە بــە سیفاتی کەم وکوڕ و عەیب دار.

٦- گۆڕین ولادان ودەسـت کـاری کردنـی قسەی خوای گەورە.

٧- مرۆڤـ کردن بە خوا.

٨- نکـوڵی کـردن وبەرهەڵسـتی کردنـی پێغەمبەرایەتی محمد(ﷺ).

**سێیەم: کافران:**

خوای گـەورە دەفـەرمێت: ﴿إن الله لعـن الكافرين وأعد لهم سعيرا﴾ [الأحزاب: ٦٤].

واتە: خـوای گـەورە نـەفرەتی لـە کـافران کردووە وئاگرێکی سوتێنەری بۆ داناون.

وەدەفەرمێت:

﴿فلما جاءهم ما عرفوا كفروا به فلعنة الله على الكافرين﴾ [البقرة: ٨٩] .

واتە: کاتێك کە پێغەمبەریان (ﷺ) بۆهات و ناسیان کە لە خۆیان نییە باوەڕیان پێ نەهێناو کوفریان پێ کرد، دەی نـەفرەتی خوا لەم کافرانە بێت.

وەدەفـەرمێت: ﴿إن الذين كفروا ومـاتوا وهم كفار أولئك عليهم لعنة الله والملائكة والناس أجمعين﴾ [البقرة: ١٦١] .

واتە: ئەو کافرانەی کە بە کافری مـردوون ئەوانە نەفرەتی خواو فریشتەکان وهەموو خەڵکیان لەسەرە.

---

١٣- (صحيح الجامع الصغير: ٥١٠٨).

١٤- (صحيح الجامع الصغير: ٧٨٤٩).

وەدەفەرمێت:

﴿كيف يهدي الله قوما كفروا بعد إيمانهم وشهدوا أن الرسول حق وجاءهم البينات والله لا يهدي القوم الظالمين أولئك جزاؤهم أن عليهم لعنة الله والملائكة والناس أجمعين﴾ [آل عمران: ٨٦-٨٧] .

واتــە: چــۆن خــواری گــەورە کەســانێك هیدایــەت دەدات کــە هەڵگەڕاونەتــەوە لــە دیــن لــەپاش باوەڕهێنانیــان، وشــایەتی دانیان کە پێغەمبەر (ﷺ) حەقە، و بەڵگە روون وئاشکراکانیان بۆ هـات لـە قورئـان، وموعجیزەکـانی پێغەمبــەریان(ﷺ) بینــی وناســیان وزانیــان وباوەڕیــان پــێ هێنــا، لەپاش هەموو ئەمانە پاش گەز بوونـەوە، وە خوای گەورە جارێکی تر ڕێنمایی ئـەم خەڵکە ستەمکارە ناکـات، وە سـزای ئـەم کەسە هەڵگەڕاوانـە ئەوەیـە کـە نـەفرەتی خــواو فریشــتەکان وهــەموو خــەڵکیان لەسەرە.

**چــوارەم: ئــازاردەرانی خــواو پێغەمبــەر (ﷺ):**

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إن الذين يؤذون الله ورسوله لعنهم الله في الدنيا والآخرة وأعد لهم عذابا مهينا﴾ [الأحزاب: ٥٧].

واتــــە: ئەوانــــەی کــــە ئــــازاری خــــواو پێغەمبەرەکـــەی (ﷺ) دەدەن خـــوای گــەورە نــەفرەتی لێ کــردوون لــە دونیــاو قیامەتــدا، وە ســزایەکی رســواکەری بــۆ ئامادەکردوون.

وە شێوازەکانی ئازاردانی خواو پێغەمبــەر (ﷺ) جۆراوجــۆرە، لەوانــە: أبــو هریــرە گێڕاوێتــــیــــەوە کــــە پێغەمبــــەر (ﷺ) فەرموویەتی:

(يقول الله عز وجل: يؤذيني ابن آدم يسب الدهر، وأنا الدهر أقلب الليل والنهار)[١٥].

واتە: خوای گەورە دەفەرمێت: ئـادەمیزاد ئازارم دەدات بەوەی کە جوێن دەدات بـە ڕۆژگــار، چــونکە مــن هەڵســوڕێنەری ڕۆژگارم، وشەو وڕۆژ دەگۆڕم.

*لــــە شــــێوازەکانی ئــــازاردانی خــــواو پێغەمبەر (ﷺ) ئەمانەن:

کوفرو هاوبەش دانان بـۆ خـوا، پەرستنی جگە لە خوای گەورە، بە درۆخستنەوەی پێغەمبــەر (ﷺ)، تانــەو تەشــەردان لــە قورئان وسوننەت وئیسلام.

والحمد لله رب العالمين.

---

١٥- (صحيح سنن أبي داود: ٥٢٧٤).